# کورد وتورك و ئەمریكا و هاوكێشەی نوێی ڕۆژهەڵاتی ناوین

**دیار غەریب**
Diyar_helmet@yahoo.com
2006-10-16

وەكو بابەتێكی ماتماتیكی و ژیانیش هەر هاوكێشەیەك كە دروست دەبێت یاخود دروست دەكرێت ، ئەگەر هاوسەنگ نەبێت ئەوا پێی دەوترێت هاوكێشەیەكی ناجێگیر و لاسەنگ و پێویستە كار بكرێت بۆ هاوسەنگ كردنی هەتا جێگیر بێت . زانست و ئەزموونی ژیانیش ئەوەیان سەلماندووە كە هاوكێشە لاسەنگەكان تەمەنیان كورتە و زوو هەڵدەوەشێنەوە . ئەوەی لێرەدا مەبەستمە باسی بكەم هاوسەنگییەكانی هێزە لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا و ئەو هاوكێشانەیە كە هەتا ئێستا هەبوون یان ئێستا باس لە بوونیان یاخود دروستبوونیان دەكرێت . ئاشكرا بوو ئەو هاوكێشەیەی كە لە دوای شەڕی یەكەمی جیهانییەوە و بەتایبەتی دوای پەیمانی لۆزان( 1923-1924 ) و برۆكسل ( 1926 ) ەوە دروستكرا .

كورد تێیدا یەكسان كرابوو بە سفر ئەمە بەزمانی ماتماتیكی و بە زمانی سیاسیش نكۆڵی لە بوونی كورد كرا و نەخرایە ناو حساباتەوەو ئەمەشیان بۆ چووە سەر و كوردیش لەبەر ئەوەی كە خاوەنی هێزێكی ئەوتۆ نەبوو نەیتوانی ببێتە ئاستەنگ لەبەردەم جێبەجێكردنی ئەم هاوكێشەیەدا. بێگومان پاراستنی ئەم هاوكێشەو هاوسەنگییە لە بەرژەوەندی سەرجەم هێزە هەرێمی و جیهانیەكاندا بوو، هەر بۆ ئەمە بە گشتی لە هەوڵی پاراستنیدا بوون و دەیانپاراست و هاوسەنگی ئەم هاوكێشەیەش هەتا كۆتایی سەدەی ڕابردوو پارێزرا ، ئاشكرایە لە ماوەی ڕابردوودا گەلێك جار كورد خواستی كەئەم هاوكێشەیە هەڵبوەشێنێتەوە و جێگەیەكی بگرێت لە هاوسەنگی نوێدا ، بەلاّم هەم لەبەر بارو دۆخی خودی گەلی كورد و هەم لەبەر بارودۆخی هەرێمی و جیهانی بە گەلەكۆمەو پلانی هەرێمی و جیهانی و بەرگەنەگرتنی بزوتنەوەی كوردی لەبەرامبەر ئەو گەلەكۆمانەدا ، ئەوا جارێكی تر كورد یەكسان دەكرایەوە بە سفر و هاوسەنگی هاوكێشەكە بەردەوام دەبوو.

لە كۆتایی سەدەی ڕابروودا ، ئەو بارودۆخەی جیهانی و هەرێمییەی كە دروست بوو و لەگەڵ ئەو ئاستەی كە تێكۆشانی گەلی كورد پێی گەیشت، بەتایبەتی لە باكوری كوردستان بەڕێبەرایەتی (PKK) بوونە هۆكارر بۆ ئەوەی جارێكی تر ئەو هاوكێشەیەی ڕابردوو نا جێگیر ولاسەنگ بێت ، چونكە زۆربەی هێزەكانی ناو ئەو هاوكێشەیە سەنگیان گۆڕاوەو كوردیش ژمارەی ( سفر ) ی بۆ خۆی پەسند نەكرد و بووە بە ژمارەیەك و خواستی جێگەی هەبێت لەو هاوكێشەیەدا ، ئەمە وایكرد كە هێزە هەرێمی و جیهانییەكان بكەونە هەوڵدان بۆ ئەوەی كە جارێكی تر كورد یەكسان بكەنەوە بە سفر ، بەلاّم ئەوەی دەركەوت وەكو ئەنجام ئەو هێزانە ئەمجارە نەیانتوانی بگەنە ئامانجی خۆیان ، ئەمەش وایكردووە كە زۆربەی ئەو هێزانەو بەتایبەتی ئەمریكاو هاوپەیمانەكانی كە ئەمڕۆ لە هەرێمەكەدا نوێنەرایەتی هێزە جیهانییەكان دەكەن ، ناچار بن كورد بەهەند وەربگرن ( بێگومان گەلێك فاكتەری تر هەن كە بوونەتە هۆكاری لاسەنگی ئەو هاوكێشەیە بەلاّم لێرەدا من زیاتر لەسەر لایەنی كورد ڕادەوەستم ) هەر بۆ ئەمەش لە پرۆسەی گۆڕانی ڕۆژهەلاّتی ناویندا وەكو لایەنێك سەیری دەكەن و حساباتی لەسەر دەكەن. لەم ڕوانگەیەوە یە لە دوای پرۆسەی ئازادی ئێراقەوە ئەمریكا بەگەرمی وەلاّمی داخوازییەكانی توركیا ناداتەوە سەبارەت بە لێدانی سەربازی لە(PKK) .

لەم ململانێ و كێشمەكێشەدا و بەتایبەتی دوای ڕوخاندنی رژێمی سەدام و بەردەوامی نا ئارامی لە ئێراقدا و ئەو ئاستەنگیانەی كە ئەمریكا و هاوپەیمانەكانی لە جێبەجێكردنی پلانەكانیاندا ڕووبەڕووی بوونەوە لە ئێراق و ڕۆژهەلاّتی ناویندا ، بوونی ئێران و كۆمەڵێك هێز و لایەنی كۆنەپارێز و داخراو بە ڕووی بە ڕووی ئەمریكادا لەم هەرێمەدا و خۆسەپاندنی كورد بەگشتی و (PKK) بەتایبەتی وەكو هێزێكی مۆدێرن و كراوە بە ڕووی گۆڕانكارییدا و پێگەی توركیا وەكو هاوپەیمانێكی كۆنی ئەمریكا و تا ڕادەیەك كراوە بە ڕووی گۆڕانكارییەكاندا ( بەلاّم بە بێ پەسندكردنی كورد لە گۆڕان و هاوكێشەی نوێدا ) ئەمریكای خستۆتە نێوان چەند بژارێكەوە كە ئەمانەن :

بژاری یەكەم ئەوەیە ئەمریكا دەست لە كورد بەربدات ( كە ئەمە داخوازی توركیایە ) و تەنیا بە هاوپەیمانی توركیا لە ناوچەكەدا كار بكات بۆ سەر لە نوێ بونیادنانەوەی هاوسەنگییەكان ، كە ئەمەش تا ڕادەیەك بۆ ئەمریكا زەحمەتە ، چونكە ئەمریكا بە هەڵوێستەی كورد لە ئێراق ، توركیا، ئێران و سوریا دەخاتە بەرەی دژی خۆیەوە و ئەم هێزەش ئەمڕۆ لە ئاستێكدایە كە ناتوانرێت بە هەند وەرنەگیرێت و دەتوانێت ببێتە ئاستەنگ لەبەردەم سەركەوتنی بەرنامەی ئەمریكا و توركیادا . بژاری دووەم ئەوەیە كە ئەمریكا دەست لە توركیا بەربدات و تەنیا بە هاوپەیمانی كورد كار بكات بۆ جێبەجێكردنی پڕۆژەكانی ، لەم حاڵەتەشدا توركیا دەكەوێتە بەرەی ئێران و هێزە توندڕەوەكانەوە ، لە ئەنجامی ئەمەشدا شیمانەی سەركەوتنی پڕۆژەی گۆڕانی ڕۆژهەلاّتی ناوین زۆر لاوازە دەبێت و ململانێیەكان ئالۆزتر دەبن . بژاری سێیەمیش ئەوەیە كە ئەمریكا لە پڕۆژەكەیدا پشت بە كورد و تورك ببەستێت . ئەمەش لەو ڕوانگەیەوە كە كورد نەتەوەیەكی داگیركراو و دابەشكراوە و بەرژەوەندی لە گۆڕانكاریدایە و توركیش هاوپەیمانی كۆنی ئەمریكایە و تا ڕادەیەكیش ئەمریكا دەتوانێت كاریگەریی لە سەر دروست بكات و بیگۆڕێت و ڕاستی توركیش وەهایە كە زیاتر لە فارس و عەرەب كراوەترە بە ڕووی ئەمریكادا ، بەلاّم لەم حاڵەتەدا ئەوەی ئاستەنگە ئەوەیە كە تورك بە هیچ شێوەیەك ئامادە نیین و هەتا ئێستاش بەشێكی ناوەندەكانی بڕیار لە دەوڵەتدا ئامادە نیین كورد و كێشەی كورد پەسند بكەن.

لەم سێ حاڵەتەدا ئەوەی دیارە ئەمریكیەكان ئەوەی سێیەمیان لە دوانەكەی تر پێ پەسند ترە ، بەلاّم بۆ ئەوەی بتوانن بگەنە ئەم ئامانجە پێویستە لە نێوان كورد و توركدا نەرمبوونێك درووست بكەن ، چونكە تورك كورد پەسند ناكات و كوردیش تورك بە دوژمنی ژمارە یەكی خۆی دەبینێت، واتە پێویستە كارێكی وەها بكات كە تورك ئیتر نكۆڵی لە بوونی كورد و مافەكانی نەكات و كوردیش بە چاوی دوژمن سەیری تورك نەكات و بگەنە تەباییەك. بۆیە من پێم وایە كە

**دروستکردنی کۆردیناتۆری (PKK) و داخوازی لەKKK که ئاگربەست ڕابگەیەنێت و چەك دابنێت و وەسفکردنی ئاگربەستیKKK به هەنگاوی پۆزەتیڤ و ڕێگەگرتن لە تورکیا کە هێرش بکاتە سەر باشووری کوردستان دەکەوێتە چوارچێوەی ئەم سیاسەتەوە .**

**لەم ڕوانگەیەوە سەیری ئاگربەستی ئەم دواییەی KKK بکەین دەتوانین بڵێین کە کورد ئەمریکا زیاتر ناچارکرد کە خۆی لە بژار و گریمانەی یەکەم بپارێزێت و لە نێوان گریمانەی دووەم و سێیەمدا بژار بکات ، واتە بەم هەنگاوە کورد خۆی کردە بەردی بناخەی هاوکێشەی نوێی ڕۆژهەلاتی ناوین و ڕوداوەکانیش زیاتر ئاماژە بەوە دەکەن کە شیمانە زۆرە لە ئایندەدا هاوپەیمانییەکی کورد و تورك و ئەمریکا گەلاڵە ببێت.**